# هەناسەیەك بۆئێمە و دوانزە ساڵیش بۆئێوە !

کەمال ڕەئوف

ماوەی چەند ڕۆژێکە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بەبەرنامەو بەئەلەقە دەستی داوەتە هێرشێکی هیستریایی بەربلاّو بۆ سەر ڕۆژنامەی هاولاّتی و ستافەکەی، پریشکی ئەم ئاگر بارانەی حیزب هەر بە هاولاّتیەوە نەوەستاوەتەوە و تەنانەت لەهەندێك شوێنیشدا بەقەولی خۆیان (شەریك شعورەکانیشی) گرتۆتەوە ! ئەم هێرشە هەمەلایەنەیەش بەبیانووی ئەوەیە کەگوایە کاك ئاسۆس هەردی لەگۆشەی هەناسەی ژمارە (١٢٦) دا بابەتێکی بلاّوکردۆتەوە وتیایدا هانی مارینزی داوە بۆ سەر حیزب و هەروەها سوکایەتی کردووە بە مەسەلە شۆڕشگێرێتیەکانی ئەوان، هەربۆیە ئەوانیش لەبەرامیەردا مافی ئەوەیان بەخۆیان داوە دەستی هەندێك لەمقاشەکانی حیزب ئاوەلاّبکەن تاکو ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان قینی خۆیان لەسەر ئەو ڕۆژنامەیەو ستافەکەی هەلّرژن، دیارە ئەوانیش کەتاکو ئێستا هەرئەوکارەیان پێسپێردراوە لەنێوان دەستەپاچەیی خۆیان و ڕازیکردنی دلّی حیزبدا ناچارن لەم شەڕەتازەیەدا لەوێوە دەست پێبکەن کەدەرسەکانی پێناسەی حیزبمان بۆ باسبکەن و ئەو خالاّنەمان بۆ بخەنە ڕوو کە تۆزی لەسەر نیشتوەوخۆشیان وەك جاران بڕوایان پێیان نەماوە، هەربۆیە ئەو ئامۆژگاریانەیان لەوهەولّە نامەنتیقەدەچێت کەکەسێك دوای دوانزە ساڵ لەدەسەلاّتداریێتی پارتی و یەکێتی ئێستا تازە بەتازە بچێت بەناو بەرنامەکانیاندا بگەڕێت تاکو بزانێت ئەوان ئاخۆ بەئومێدن لەئایندەدا چی بکەن و چی نەکەن. بەرووبەکدا ئەم شەرە نەخوازراوە بۆخۆی نیشانەی سەرکەوتوی هاولاّتیە لەوەی کەتوانی گوێ حیزبە گەورەکان بەرەخنە ئاشنابکات و فێری ئەوەیان بکات کەگوێ لەخەلك و لەدەنگی جیاوازی دەرەوەی حیزب بگرن.

مەسەلەیەکی زۆرگرنگ کەلەناو ئەو هەلّمەتەدا خەریکە حیزب بەچەمکی تەقلە بەفیل لێدانەکە تەقلەی پێ لێدەدەن، ئەوەیە کە گوایە ئەوە هاولاّتی و ستافەکەی بوون کە گولّبارانی مارینزو جەنەڕالّەکانیان دەکرد، یان گوایە ئەوە هاولاّتی بوو کە خەوی بەوە دەبینی ئەمەریکاییەکان وەك هاو پەیمان و شەریکی ناچاری ودۆستی هاوبەرژەوەند تەماشایان بکەن، بۆیە مژدەی ئەو هاوپەیمانێتیەی لەلاپەڕەکانیدا بلاّو دەکردەوە !

هەردووحیزبیدەسەلاّتداری کوردی خەویان بەوە وە دەبینی کەوەك حامیدکەرزایەکی ئەفغانی وموبارەکێکی میسری و ئەمیرێکی کەنداو ئەمەریکاییەکان چاویان لێبکەن و دەسەلاّتێکی دیاریکراویان پێ ببەخشن، ئەوە تاوانی هاولاّتی و خەلّك نیە کەحیزبی کوردی بەردەوام بەخشندەبووە لەبەردەم هێزە دەرەکیەکانداو لەوە زیاتری پێشکەش کردووە کەلێی خواستراوە، دیسانەوە ئەوەش جگەلەخۆیان تاوانی کەس نیە کەدوای دوانزە ساڵ ئیدارەو بازرگانی و پارەکۆکردنەوە حیزب ئەو باوکە دەست نوقاوە یە کەلەگەلّ یەکەم هەلّسمانیدا ناتوانێت موچەی چەند مانگێکی هێزەکەی خۆی دابین بکات، ئەوان ئەوکاتە متمانەی خۆیان لای خەلّکی خستە ژێرپرسیارەوە کە بەدرێژایی ئەو دوانزە ساڵەی دەسەلاّتیان نەك هەر نەیانتوانی لەبچووکترین هەڕەشەی دەرەکی بمانپارێزن، بەلّکو زۆر جار خۆشیان پرد بوون بۆپەڕینەوەو هێنانی هێزە نەیارودەرەکیەکان بۆ کوردستان، لێرەوەیە کەهەقوایە مقاشەکانی حیزب پێش ئەوەی ئەو مافەبەخۆیان بدەن پرسیاری بەرپرسیارێتی ولەو جۆرە بەرەو رووی هاولاّتی بکەنەوە کەگوایە هاولاّتی نرخ بۆمەسەگرنگەکانی خەلّك دانانێت، گەر دەتوانن ئەو پرسیارگەلە بەرەو رووی حیزبەکانیان بکەنەوە و لەوە بکۆلّنەوە بزانن کێ لەماوەی ئەم دوانزە ساڵەی رابردودا سوکایەتی بەمەزنی ڕا پەرین و شکۆی شەهیدان وجوانی پێشمەرگەو شورشگێریتیەوە کردووە ؟، ئەوان گەر زات دەکەن و ناترسن لەوە بپرسنەوە ئەو هەموپیاهەلّپژان و زیانە گیانی ومالّیەزۆرەی لەچەندساڵی رابردووی شەری یەکتریدا هاتەئاراوە کێ لێی بەرپرسیاربوو؟ ئێوە پرسیار بکەن و بەلاپەڕەکانی رۆژنامەکەتاندا بچنەوە بزانن چیتان نەوتوە؟، ئێوە پرسیاربکەن وئێمەش لای خۆمانەوە پێتان دەلّێین لەوە دلّنیاین کە ئێوە ئەوەندە داخ لەدلّی هاولاّتی ورەخنەگرتنبن نەك هەر چاپخانەی رەنج بخەینە هەراجەوە بەلّکو شاخی کلاّو قاسمیش بین بەرگەناگرین بەلاّم ئەوکاتە خەلّك پێتان دەلّین ئێوە لەشەڕی دەورەی یەکەمی حیزبی ئیکمال بوون و هیچ لایەکتان سەرکەوتونەبوون، گەر ئەم جارەش بریارتان ئەوەبێت شەڕی خەلّك بکەن بەدلّنیاییەوە لەدەورەی دوەمیش راسب دەبن و سەرکەوتنتان پێنابڕێت.

**تێبینی کوردستان نێت:**

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.